# ئیبراهیم: ڕووخانی سەدوم و لەدایك بوونی ئیسحاق

پەیدابوون ٢١–١٨

لە دیراسەتمان لە تەورات، بینیمان چۆن خودا بەڵێنی دا ئیبراهیم بکاتە باوکی نەتەوەیێکی نوێ کەوا پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێت. بەڵام، تا ئەم خاڵەی چیرۆکەکە، سارا، ژنی ئیبراهیم هێشتان منداڵی نەبووە و خۆی و ئیبراهیم زۆر زۆر بەتەمەن بوون.

لە ئەم وانە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری ترمان هەیە. لەسەرەتای چیرۆکەکە دەبینین کە سێ پیاو هاتن بۆ سەردانی ئیبراهیم. بەڵام، ئەم سێ پیاوە مرۆڤ نەبوون. دووان لە وانە فریشتەبوون و ئەوی تریش خودی پەروەردگار خودا بوو! ڕەنگە خەڵکانێك بڵێن خودا ناکرێ لە شێوەی مرۆڤ خۆی بە ئیبراهیم نیشان دابێ، بەڵام ئەوانە ئەوەیان لەبیرچووە کە خودا مەزنە و هیچ شتێك ئەستەم نییە بۆ ئەو. خودا دەتوانێ هەموو شتێك بکات، جگە لەوەی ناڕاستودرووستە.

ئێستا لەچوار بەشی تەورات دەخوێنینەوە. لەسیپارەی پەیدابوون، بەشی هەژدە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٨)
١ ئینجا خوداوەند لەلای داربەڕووەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لە گەرمای ڕۆژدا لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو.
٢ جا سەری هەڵبڕی و بینی ئەوەتا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. کاتێک بینینی، لە دەرگای چادرەکەیەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد و
سەری دانەواندە سەر زەوی. ٣ ئینجا وتی: (گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، بەسەر خزمەتکارەکەت تێمەپەڕە. ٤ با تۆزێک ئاو
بهێنرێت و پێتان بشۆن و لە ژێر دارەکە پاڵ بدەنەوە. ٥ پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم تا بەری دڵتانی پێ بگرن و پاشان تێپەڕ بن،
چونکە ئێوە بۆ لای خزمەتکارەکەتان هاتوون.) ئەوانیش فەرموویان: (ئەوەی وتت بیکە.)

٦ ئیتر ئیبراهیم بە پەلە ڕۆیشت و... ٨ ئینجا قەیماغ و شیر و ئەو گوێرەکەیەی ئامادەکرابوو، هێنای و لە بەردەمیاندا داینا. خۆشی لە
ژێر دارەکە بەسەریانەوە وەستا، کاتێک ئەوان نانەکەیان دەخوارد.

٩ پاشان پێیان فەرموو: (کوا سارای ژنت؟) ئەویش وتی: (ئەوەتا لەناو چادرەکەدایە.) ١٠ ئینجا خوداوەند فەرمووی: (بێ گومان ساڵێکی
دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە.) ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کە لە پشتی ئەمەوە بوو، گوێی
گرتبوو. ١١ ئیبراهیم و سارا دوو پیری بەساڵا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەر چووبوو. ١٢ سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و
وتی: (ئایا دوای ئەوەی لە کەڵک کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟) ١٣ جا خوداوەند بە ئیبراهیمی فەرموو: (بۆ چی
سارا پێکەنی و وتی: "وا من پیر بووم، ئایا بە ڕاستی منداڵم دەبێت"؟ ١٤ هیچ شتێک هەیە بۆ خوداوەند ئەستەم بێت؟ ساڵێکی دیکە
ئەم کاتانە دێمەوە بۆ لات و ساراش کوڕێکی بووە.) ١٥ سارا درۆی کرد و وتی: (پێنەکەنیم)، چونکە ترسا، بەڵام ئەو فەرمووی:
(بەڵێ، پێکەنیت.) ٢٠ ئینجا خوداوەند فەرمووی: (هاواری سەدوم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. ٢١ ئەوا دێمە خوارەوە
تا ببینم ئاخۆ وەک هاوارەکەی کە هاتووەتە لای من، بە تەواوی وایان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم.) ٢٢ ئینجا پیاوەکان (واتا دوو
فریشتەکە) ڕوویان کردە سەدوم و ڕۆیشتن، بەڵام ئیبراهیم هێشتا لە بەردەم خوداوەند وەستابوو.

٢٣ ئیبراهیم چووە پێشەوە و وتی: (ئایا لەگەڵ بەدکاردا ڕاستودروستیش لەناو دەبەیت؟ ٢٤ ئەی ئەگەر شارەکە پەنجا ڕاستودروستی تێدا
بێت، ئایا هەر لەناوی دەبەیت و نایبەخشیت، لە پێناوی ئەو پەنجا ڕاستودروستەی تێیدایە؟ ٢٥ دوور بێت لە تۆ شتی وا بکەیت!
ڕاستودروستیش لەگەڵ بەدکاردا بکوژیت. جا ڕاستودروست و بەدکار وەک یەکیان لێبێت. دوور بێت لە تۆ! ئایا دادوەری هەموو زەوی
دادپەروەری ناکات؟)

٢٦ خوداوەندیش فەرمووی: (ئەگەر لە سەدوم پەنجا ڕاستودروست لە شارەکەدا ببینمەوە، ئەوا لە پێناوی ئەوان لە هەموو ئەو شوێنە
دەبوورم.) ٢٧ ئیبراهیم وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەوەتا ئێستا دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ خوداوەندم، منێک کە خۆڵ و خۆڵەمێشم.

٢٨ ئەی ئەگەر لەو پەنجا ڕاستودروستە پێنجی کەم بوو؟ ئایا بۆ پێنج کەس هەموو شارەکە وێران دەکەیت؟) فەرمووی: (وێرانی ناکەم ئەگەر چل و پێنج لەوێ ببینمەوە.)

٢٩ دیسان کەوتەوە قسە لەگەڵی و وتی: (ئەی ئەگەر لەوێ چلی لێ بوو؟) فەرمووی: (لەبەر خاتری ئەو چلە، نایکەم.) ٣٠ ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و قسە بکەم، ئەی ئەگەر هەر سی لێبوو؟)

فەرمووی: (نایکەم، ئەگەر لەوێ سی ببینمەوە.) ٣١ ئیبراهیم وتی: (ئیتر وا وێرام قسە لەگەڵ خوداوەندا بکەم، ئەی ئەگەر بیستی لێ بوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو بیستە وێرانی ناکەم.) ٣٢ ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و هەر ئەم جارە قسە بکەم. ئەی ئەگەر دەی لێبوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو دەیە وێرانی ناکەم.) ٣٣ ئینجا دوای ئەوەی خوداوەند لەگەڵ ئیبراهیم لە قسەکردن بووەوە ڕۆیی، ئیبراهیمیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

(پەیدابوون ١٩) ١ هەردوو فریشتەکە کاتی ئێوارە گەیشتنە سەدوم، لۆتیش لە دەروازەکەی سەدوم دانیشتبوو. کاتێک لۆت بینینی، هەستا بۆ پێشوازیان و سەری ڕووە و زەوی دانەواند و کرنۆشی برد. ٢ ئینجا وتی: (گەورەکانم ئەوەتا ئێستا لا بدەنەماڵی خزمەتکاری خۆتان. شەو بەسەر بەرن و پێتان بشۆن، سەر لە بەیانیش بە ڕێی خۆتان بڕۆن.) فەرموویان: (نا، بەڵکو لە گۆڕەپانەکە شەو دەبەینەسەر.)

٣ بەڵام ئەم زۆری لێکردن. ئیتر لایان دایە لای و چوونە ماڵەکەیەوە. ئەویش خوان و نانی فەتیرەی بۆ ئامادە کردن و خواردیان. ٤ پێش ئەوەی ڕاکشێن، پیاوانی شارەکە، پیاوانی سەدوم، دەورەی ماڵەکەیان دا. لە گەنجیانەوە تا پیریان، هەموو خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە. ٥ ئینجا لۆتیان بانگ کرد و پێیان وت: (کوان ئەو دوو پیاوەی ئەم شەو هاتنە لات؟ بیانهێنە دەرەوە بۆمان تا جووت بین لەگەڵیان.)

**زۆربەی پیاوانی سەدوم حەزیان لە نێربازی بوو و لەناو گوناهێکدا ڕاپاندەبوارد کە خودا پێی دەڵێت بەدڕەوشتی.**
(تەماشای ڕۆما ١: ٢٦، ٢٧ بکە)

(پەیدابوون ١٩) ٦ لۆت هاتە دەرەوە بۆ لایان و دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە داخست. ٧ وتی: (نا، براکانم. خراپەی وا مەکەن... ٨ بەڵام هیچ لەم دوو پیاوە مەکەن، چونکە ئەوان هاتوونەتە ژێر سێبەری بانەکەی من.) ٩ ئەوانیش وتیان: (وەرە ئەم لاوە!) ئینجا وتیان: (ئەمە هاتووە تا پەناهەندە بێت لە نێوانماندا و دەیەوێت ببێتە دادوەر بەسەرمان. ئێستاش لەوان خراپتر بەسەر دەهێنین.) ئیتر زۆریان لە لۆت کرد و هاتنە پێشەوە تا دەرگاکە بشکێنن. ١٠ دوو پیاوەکەش (واتا دوو فریشتەکە) دەستیان درێژ کرد و لۆتیان ڕاکێشایە لای خۆیان بۆ ناو ماڵەکە و دەرگاکەشیان داخست. ١١ ئەو پیاوانەش کە لەبەر دەرگای ماڵەکەدا بوون، تووشی کوێریان کردن لە بچووکیانەوە تا گەورەیان، ئیتر پەکی ئەوەیان کەوت کە دەرگاکە بدۆزنەوە.

١٢ ئینجا دوو پیاوەکە بە لۆتیان فەرموو: (کێی دیکەت لێرە هەیە، زاواکانت و کوڕەکانت و کچەکانت و هەر کەسانێکی دیکەش کە لە شارەکەدا هەتن؟ هەموویان لێرە ببە دەرەوە. ١٣ چونکە ئێمە ئەم شوێنە وێران دەکەین. لەبەر ئەوەی لە بەردەم خوداوەند هاواریان مەزن بووە، جا خوداوەند ئێمەی ناردووە تا وێرانی بکەین.) ١٤ ئیتر لۆت چووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ زاوایەکانی کرد کە کچەکانی ئەمیان خواستبوو. وتی: (هەستن لەم شوێنە دەرچن، چونکە خوداوەند شارەکە وێران دەکات.) بەڵام وەک گاڵتەچی هاتە بەرچاوی زاوایەکانی. ١٥ لە بەرەبەیاندا، هەردوو فریشتەکە پەلەیان لە لۆت کرد و پێیان فەرموو: (خێرا کە! ژنەکەت و هەردوو کچەکەت کەوا لێرەن بیان بە، نەوەک تۆش بە گوناهی شارەکە لەناو بچیت.) ١٦ بەڵام ئەو خاوەخاوی کرد، جا هەردوو پیاوەکە لەبەر بەزەیی خوداوەند لەسەریان، دەستی خۆی و دەستی ژنەکەی و هەردوو کچەکەییان گرت و لە دەرەوەی شارەکە دایاننان. ١٧ جا کە هێنایانە دەرەوە، یەکێکیان فەرمووی: (بۆ گیانی خۆت ڕابکە! ئاوڕ لە دوواوەت مەدەوە و لەم دەوروبەرە نەوەستیت. ڕابکە بۆ چیایەکە تا لەناو نەچیت!)

٢٤ ئینجا خوداوەند گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدوم و عەمۆرادا باراند، لەلای خوداوەندەوە لە ئاسمانەوە. ٢٥ ئەو شارانەی سەرەوژێر کرد لەگەڵ هەموو دەوروبەرەکەی بە هەموو دانیشتووانی شارەکان و ڕووەکی زەوییەکەش. ٢٦ بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بوو بە ستوونێکی خوێ.

٢٧ بۆ سبەی ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و چووەوە ئەو شوێنەی تێیدا لە بەردەم خوداوەندا وەستابوو. ٢٨ ڕووانییە سەدوم و عەمۆرا و هەموو زەوی دەوروبەرەکە، سەیری کرد وا دووکەڵی زەوییەکە وەک دووکەڵی کوورە بەرز دەبێتەوە. ٢٩ ئینجا کە خودا شارەکانی دەوروبەرەکەی وێران کرد، خودا ئیبراهیمی هاتەوە یاد و لۆتی لەناو ئەو سەرەوژێرکردنە هێنایە دەرەوە، کاتێک ئەو شارانەی سەرەوژێر کرد کە لۆت تێیدا دانیشتبوو.

ئەمە ئەو چیرۆکە سەنگینەیە کە چۆن خودا دادوەری شاری سەدوم و عەمۆرای کرد بە باراندنی گۆگرد و ئاگر لە ئاسمانەوە. ئەمڕۆ پاشماوەکانی سەدوم لە ژێر دەریای مردووە لە فەلەستین (ئیسرائیل). شوێن کەوتنی گوناه هیچ کاتێك شتێکی باش نەبووە. خوداش زۆر جددییە سەبارەت بە دادوەری کردنی گوناه !

ئێستاش، با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی بزانین چۆن خودا کوڕێکی بەخشی بە ئیبراهیم و سارا، بەو شێوەیەش بەڵێنەکەی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش پێیانی دابوو. لەبەشی بیست و یەك، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢١) ١ خوداوەند بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەر کردەوە، خوداوەند چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. ٢ ئینجا سارا سکی پڕ بوو و لە پیرەمێردێتی ئیبراهیمدا منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرموو. ٣ ئیبراهیم کوڕە لەدایکبووەکەی خۆی کە سارا بۆی ببوو ناوی لێنا (ئیسحاق). ٤ کاتێک ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەک چۆن خودا ڕایسپاردبوو. ٥ تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێک ئیسحاقی کوڕی بۆ لەدایک بوو. ٦ سارا وتی: (خودا منی خستۆتە پێکەنین، هەر کەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگەڵ مندا پێ دەکەنێت. ٧ هەروەها وتی: کێ بە ئیبراهیمی دەووت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لە پیرەمێردی ئەودا کوڕێکم بوو.)

ئایا خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی کە بە ئیبراهیم و سارای دابوو زۆر لەوە پێش؟ سارا، ئەو کەسەی بە نەزۆك ناسرابوو، هەروەك خودا فەرمووی کوڕێکی بوو. ناویان لێ نا ئیسحاق، کە بەمانای پێدەکەنێ دێت. بەڵام هەموو کەس دڵ خۆش نەبوو بە لەدایك بوونی ئەو. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ٢١) ٨ کوڕە گەورە بوو و لەشیر بڕایەوە. ئەو ڕۆژەش ئیسحاق لەشیر بڕایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. ٩ سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. ١٠ جا بە ئیبراهیمی وت: (ئەم ژنە کۆیلەیە و کوڕەکەی دەربکە. چونکە کوڕی ئەم کۆیلەیە لەگەڵ کوڕەکەم، لەگەڵ ئیسحاقدا میراتگر نابێت.) ١١ لەبەر کوڕەکەی ئەم شتە لەلای ئیبراهیم زۆر ناڕەحەت بوو. ١٢ جا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (لات ناڕەحەت نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر کەنیزەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە ئیسحاقەوە وەچەت ناو دەبرێت. ١٣ هەروەها کوڕی کۆیلەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.) ١٤ بۆ سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دای بە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکەدا ڕەوانەی کرد. ئەمیش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی (بیری شابەع)ـدا وێڵ بوو.

جیابوونەوەی ئیسماعیل ناخۆش بوو بۆ ئیبراهیم، بەڵام دەبوایە ببوایە، لەبەر ئەوەی خودا ئاشکرای کرد کە نەتەوەی نوێ و ڕزگاری دەری جیهان لە نەوەی ئیسحاق دەبێت — نەك لە نەوەی ئیسماعیل.


باشە، چی بەسەر ئیسماعیل هات؟ ئەو ئایەتانەی پاش ئەوە پێمان دەڵێت چۆن لەگەڵ دایکی چوون و لە بیابانی نزیك میسر ژیان، و ژنێکی میسری هێنا. ئیسماعیل بووە باوکی ڕەگەزی عەرەب، کەوا بوون بە دووژمنی نەتەوەی ئیسحاق، هەروەك ئەوەی خودا

پێشبینی کردبوو بۆ ئیبراهیم. (تەماشای پەیدابوون ١٦:١٢ بکە) خۆشتان باش دەزانن کە تا ئەمڕۆش بەربەرەکانێ لەنێوان عەرەب و جولەکە هەیە! خودا عەرەب و جولەکە و هەموو نەتەوەیکی خۆش دەوێت و دەیەوێت ڕوو لەو بکەن.

لە ئەم وانە دووبارە بینیت خودای ڕاستەقینە و زیندوو خوداییکی دڵسۆزە کە ناتوانێ لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە. لەبەر ئەوەی دادوەری خەڵکی سەدوم و عەمۆرای کرد — هەروەك بەڵێنی دابوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کوڕێکی دا بە ئیبراهیم و سارا بەو تەمەنە گەورەیەیان (واتا ئیسحاق) — هەروەك بەڵێنی دابوو پێیان.

بۆ وانەی داهاتوو تەماشای گرنگترین ڕووداو دەکەین لە ژیانی ئیبراهیم: ئەویش چیرۆکی ئیبراهیم و قوربانی کردنی کوڕەکەی.

تا جاری داهاتوو، لەگەڵ ئەم ئایەتەی ووشەی خودا بە جێیت دێڵین: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانین، ڕێگایەکانی لە شوون هەڵگرتن! (ڕۆما ١١: ٣٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی کە بە ئیبراهیم و سارای دابوو زۆر لەوە پێش؟

٢. چی بەسەر ئیسماعیل هات؟

٣. ئایا دەزانی ناوی ئیسحاق مانای چییە؟

٤. بۆچی ئیسماعیل جیابووە لە ئیبراهیم؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org